# بەیاننامەی گۆڤاری لڤین دەربارەی دەست بەسەراگرتن‌و سوتاندنی گۆڤاری لڤین لە شاری زاخۆو دەست گیرکردنی برایەکی خاوەن کتێبخانەی مەتینی یەك لە لایەن ئاسایشی پارتیەوە

دوێنێ رۆژی سێ شەمە بەرواری 2009/6/23 کاتژمێر (1)ی دوای نیوەرۆ هێزەکانی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری زاخۆ هەڵیان کوتایە سەر کتێبخانەی (مەتینی یەك)لەو شارە پاش هەڕەشەکردن لەخاوەنی کتێبخانەکە، برایەکی خاوەن کتێبخانەکەیان بەناوی (باوەڕ احمد مقداد بەرواری) تەمەن هەژدەساڵیان بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر دەستگیرکرد وە پێیان وتووە کە نابێت جارێکی تر گۆڤاری (لڤین)بفرۆشێت‌و تەواوی ژمارە (94)کۆڤاری (لڤین)یان لە زاخۆ کۆکردەوەو سوتاندیان.

ئەم روداوە لەکاتێکدا بوو کە دوێنی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ڕۆژنامەنوسانی کوردستان کۆبووە بەڵێنی ئەوەی پێدان کە لەپشت میدیاوە دەوەستێت‌و هاوکارییان دەکات بەڵام بەداخەوە وتەکانی سەرۆکی هەرێم لەم بارەیەوە تەنها یەك کاتژمێر بڕیان نەکردو هێزەکانی ئاسایش لە شاری زاخۆ دور لە هەموو عورفێکی دیموکراسی هەڵیانکوتایە سەر کتێبخانەی (مەتینی یەك) لە شاری زاخۆ برایەکی خاوەنەکەیان دەستگیر کردو تەواوی ژمارە (94) گۆڤاری (لڤین)یان کۆکردەوەو سوتاندیان.

ئەمە لە کاتێکدا کە گۆڤاری لڤین چووەتە قولایی ناخی هەموو تاکێکی کوردەوە لە زاخۆ تا خانەقین‌و بەشێوەیەکی فەرمی بڵاودەبێتەوەو پابەندی یاساو رێساکانی کاری رۆژنامەگەرییەو هەروەك چۆن ئەخلاقیاتی کاری رۆژنامەنووسی رەچاودەکات زۆر بەچاکیش مافە یاساییەکانی خۆی دەزانێت لە بارەی بڵاوکردنەوەو ئازادی رادەربڕینەوە هەربۆیە هەتا ئێستا لە دادگاکانی کوردستاندا تەنها یەك دۆسیەشی نەدۆڕاندووە، بۆیە ئێمە لە گۆڤاری لڤین وێڕای بەتوندی ئیدانەکردنی ئەم کارە نادیموکراتیانەی ئاسایشی زاخۆ داواکارین لە سەرۆکایەتی هەرێم‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان لێپێچینەوە لەم بارەیەوە بکات‌و هەروەها داواکارین لە سەندیکای رۆژنامەنووسان هەڵوێستی رونیان هەبێت لەم بارەیەوەو ئەم کارە نایاساییەی ئاسایشی زاخۆ ئیدانەبکەن.

وەکو گۆڤاری (لڤین)یش داوا لە گشت رێکخراوەکانی بواری ئازادی رادەربڕین لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان دەکەین لەسەر ئەم کارە ڤێزەونە کە رێگرتنە لە ئازادی وتن‌و رادەربڕین بێنەدەنگ‌و ئەم کارەی ئاسایشی زاخۆ ئیدانەبکەن.

بە بڕوای ئێمە کۆکردنەوەو سوتاندنی گۆڤاری لڤین لە شاری زاخۆ جۆرێکی ترە لە تیرۆر کە بەرامبەر بە ژیان‌و دیموکراسیەت و ئازادی رادەربڕین دەکرێت لە کوردستاندا، باشتریشە بۆ حورمەتی حکومەتەکەو پاراستنی ناوبانگی ئەزمونەکە لەبری دەسگیرکردنی فرۆشیاران‌و کۆکردنەوەو سوتاندنی (لڤین) پەنا بۆ یاسا ببرێت کە هەمیشە خاڵی بەهێزی ئێمەبووە.

گۆڤاری لڤین

سلێمانی - 2009/6/24